# وەرن با گفتوگۆی مردن بکەین

## مەحمود نەجمەدین

لێرە ژیان بێتامە

لەم قەسابخانەیەدا

بوون ژانێکی قووڵە

دوور لە باڵای یار

دوور لە پێکەنینی پەپوولە, لە باخی گوڵدا

کوێر لەبەردەم مەمکی ژندا

ئای کە بێتامە

ژیان لێرە

مۆسیقای چی و

سترانی کەناری چی

لە نێو ئەم جەنگڵستانەدا

ئێمە

کەڕ و کاس, مەست و بێهۆش

دەنگی ترپی ترپی دڵی پیانۆ نابیستن

ئای ناشیرین دەژیین

ئای تاڵ دەژین

چاکتر

گفتوگۆی مردن بکەین

گەشت بە پاپۆڕەکان چ لە زەتێکی هەیە

دەریا بە خوێنی ماسیە بێگوناهەکان

سور سورە

لە خوێندا

وەرن با گفتوگۆی مردن بکەین

ژنە جوانەکان

جارێکی تر بەسنگی ڕووتەوە

نایەنە بەر پەنجەرە

کەس لە ڕەچەڵەکی سۆزانی ناپرسێت

کە ڕۆژگارێك ژنێکی خانەدانی زەوی بووە

گشت حەکیمەکان
ناتوانن چاوی کوێرێك بەڕووناکی ئاشنا بکەن
خوداش ناتوانێت قەدەری شومی
ئەو منداڵە سواڵکەرەی چایخانەی شەعب بگۆڕێت
ئیتر خودا نایەتەبەر بەلەکۆنەی دونیا و
پاسی ڕووحی کەس ناکات
وەرن با گفتوگۆی مردن بکەین
وادەی ژیان بەسەرچوو
هەناسە گڕەی هاوینێکی وەڕسکەرە
دەرگاکانی ماچ داخراون
جوانی وەك گەڵای پایز وەری
سەرسنگی ژن وەك قەڵغانی جەنگاوەرێك
کون کون بووە
ئیتر ژنانی ڕووت بۆ فێنککردنەوەی مەمکەکانیان
نایەتە کەنار رووبار
کازیووە
بەکراسێکی ڕەشەوە دێت
ئێمە هەرگیز
لە حیکایەتی هەڵوەرینی گەڵاکان حاڵی نابین
لە حیکایەتی خەوی ماسی لە بنی دەریا حاڵی نابین
چاکتر
گفتوگۆی مردن بکەین
دەئیتر وەرن با گفتوگۆی مردن بکەین
دونیا توڕەهاتە
مینا ژیانی شارێك لە تەقینەوە
مینا ژیانی کەناریەك لە قەفەسدا
مینا تابلۆیەك لەماڵێکی کوێردا
ئیدی کەس جیاوەزی محەمەد و مارکس ناکات
هیتلەر و هاروونە ڕەشید
لە یەك منداڵدانەوە هاتوونەتە دونیاوە
وەرن با گفتوگۆی مردن بکەبن
دونیا توڕەهاتە

من

سالأنێك به هەنگاوی حەقیقەت

دونیا گەڕام

دونیام پشكنی

ژنم بینی لە ئاسن

گۆرانیم ژنەفت پڕ پڕ لە وشەی بێمانا

خانەدانەكانم بینی عادەتیان دەفرۆشت

بینیم

بە چاوی خۆم دابڕانی ماسی لە دەریام بینی

بە چاوی خۆم بینیم

جوانیان لە ئاگری گوناهدا سووتاند

زۆرم بینی

مزگەوتم بینی بازاڕی خوێنبوو

كلێسام بینی قەسابخانەی ڕووح بوو

وەرن با گفتوگۆی مردن بكەین

مەملەكەتی مردن

بێقرە و بێبڕەیە

هەموو وەك یەك سپی پۆشن

مالی قەشە لە پالّ مالی مەلادایە

ژن و پیاو لە پەنای یەكتریەوە دەخەون

عیسا وموسا و محەمەد

بە هەرسێكیان

كچێكیان خۆشدەوێت

كازیووە

عیسا لە خەو هەلّیدەستێنێ

نیوەڕۆ

موسا ماچی دەكات

ئێوارە

محەمەد مەمكەكانی دەگوشێت

بۆ شەوێ

دۆستیۆفیسكی دلّنەوای دەداتەوە

دلّی خۆی دەكاتە پەڕەیەك و

حیکایەتی دابەشبوونی ئەوی لەسەر

دەنووسێتەوە

وەرن با گفتۆی مردن بکەین

سوهراب بەشەربەیەك پڕ لە ئاوەوە

لە دوای گەرووی تینوی عاشقێك دەگەڕێت

گاندی بە قەڵغانێکی سپی

مرۆڤ لە تیر و خەنجەری عومەر و چەرچڵ دەپارێزێت

وەرن با گفتوگۆی مردن بکەین

چارلی چاپلن

دەمێکە نمایشەکانی دەستی پێکردووە و

مەملەکەتی مردنی خزاندۆتە ناو

پێکەنینەوە

لە چەقی شەودا

دەنگی کەمانچەکەی پاگانینی

مردووەکان

بۆ ئاهەنگی سەما بانگێشت دەکات

لە قرچە قرچی گەرمای نیوەڕۆدا

عەلی مەردان بەیادی

نیوەڕۆ گەرمەوکانی لەیلانەوە

قەتار ئەڵڵا وەیسی دەڵێت

مۆزارت و فرانزلیست

پیانۆ دەژەنن و

یوسف و یەعقوب سەما دەکەن

داود پرچی کچەکانی زەردەشت شانە دەکات

ماملێ گۆرانی دەڵێت

بۆدلێر شیعر دەخوێنێتەوە

وەرن با گفتوگۆی مردن بکەین

دوێنێ شەو دایکم

هەڵۆژەی باخی مردنی بۆ هێنام

هەڵۆژەیەك وەك گۆنای تەڕی ژنێك

پڕ لە زەت

دایکم دوێنێ شەو پێی گووتم

چەند دەربارەی بوون بزانیت, هیچ نازانیت

چونكە بوون هیچە

دایكم نەیدەویست گفتوگۆی مردن بكات

دایكم دەیویست تا سیسبوون لە ژێر دار پرتەقاڵەكەدا

بلووز بۆ من بچنێت

دایكم دەیویست تا كاڵبوونەوەی ڕەنگی شینی دەرگاكەمان

لێرە بمێنێتەوە

بەڵام ئاە

مردن تەماحی كردە جوانیەكەی و

بردی

داگیری كرد

مردن كاتێك دایكمی برد

مەمكەكانی پڕبوو لەشیر

هێشتا چاوەكانی تیژبوو

پرچی ڕەش

گۆنای وەك سێوە لاسورە

گەش و ناسك بوو

مردن تەماحی تێكرد

وەرن با گفتوگۆی مردن بكەین

ڕەعنا لە ماڵ نایاتە دەر , دەرگای ژوورەكەی كلۆمدراوە

زولەیخا لە چەقی شاردا سوتێنرا

گوڵشەن بیابان قووتی دا

نێرگزیان هەلاهەلاكرد

مریەم لە باخەڵی سوڵتانێكی پیردا خنكا

وەرن با گفتوگۆی مردن بكەین

شۆستەی شەقامەكان,

دیواری مەیخانەكانی ئارەزوو,

منارەی مزگەوتەكان,

كەلەسەری مرۆڤەكانە.

پاڵتۆی شا, پێستی گەدایە

لەلقی درەختەكان

حەیزەرانی ئەشكەنجە دروست دەكرێت

**كاسە سەری عەقڵ پڕە لەلی بیابان**

**وەرن با گفتوگۆی مردن بکەین**

**پیاسەی کۆڵانەکانی زەردەپەڕ بەسەرچوو**

**وادەی عەشق تێپەڕی**

**زەمەنی گوێگرتن لو مۆسیقا مرد**

**مەمکەکانی شەونم بوون بە دوو بوورجی ئاسن**

**ڕوومەتی سێو وەك قوبەی مزگەوت**

**سورە لە خوێندا**

**گێلاس لە گەردەلولێکدا ونبووە**

**سەوسەن چاوی نووقاند و**

**چووە باوەشی ژەنەڕاڵێکی**

**بازرگاتی خوێنەوە**

**ئاشتی ژنێکی دەمەوەر بوو**

**مێژووی کۆڵانی بە شەڕێکی ئەبەدیەوە**

**گرێدا**

**وەرن با گفتوگۆی مردن بکەین**

**قیامەت لێرەیە**

**خودا و شەیتان لێرەن**

**بەهەشت باخچەی سوڵتانێکی خوێن مژە**

**دۆزەخ هێلانەی منداڵێکی بێ کەس و هەژارە**

**وەرن با گفتوگۆی مردن بکەین**

**گۆڕستان مەملەکەتی خەوەسپیکانە**

**هاوینی** 2007